# گرووپی هاوکار ئۆڤەرپاسێکی نوێ دەست پێدەکات



گرووپی هاوکار لەدیدارێکی تایبەت بە پەیامنێری رۆژی گەل رایانگەیاند: ( ئێمە لەدوای وێنەکێشانی دیوار بەندی ئۆڤێرپاسی شۆرش کەماوەی بیست رۆژی خایاندووە کە بە یەکەمین پرۆژەی هونەری لەم شێوەیە دادەنرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە گرووپی هاوکار لە شێوەکاران هاوکار رشکن، روبار عەبدولباقی ، محەمەد حەمید، چارەسەر ئەبوبەکر، شاڵاو ئیبراهیم، خومار عەبدولباقی، هیمداد جەلیل کە بەشێکمان پسپۆری هونەری شێوەکارین ، بەشێکی دیکەشمان فێرخوازی کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدینین، ئێمە بەنیازین دەست بەدیواربەندی ئۆڤێرپاسی شەهید ئەکرەم مەنتک بکەین)

ئەندازیار تاهیر عەبدوڵلا جێگری پارێزگای هەولێر یارمەتی پرۆژەکەی داوە، بەوبۆنەیەوە گوتی:( وەک پارێزگاری هەولێر بەنیازین لەو پرۆژەیەدا چەند تەکنیک و کەرەسەی نوێ بەکار بهێنین بەمەبەستی ئەو فۆرمە بۆ هونەری ، گۆرینی تەنیا ئەو فۆرمە ناهونەریە بۆ فۆرمێکی هونەری

# حەشارگەی شێر لە قەڵای هەولێر کۆتایی پێدێ

سەلاح هادی بەرێوبەری بەشی هونەری فلیمی ( لە حەشارگەی شێردا ) لە لێدوانێکی تایبەت بە پەیامنێری رۆژی گەل ئاشکری کرد کە وێنەگرتنی دوایین بەشی فیلمەکە شەوی 2-8-2007 لە ناو قەڵای هەولێردا کۆتایی پێ هاتووە)

هونەردۆستانی کوردستان بە پەرۆشەوە لە بەرهەمە نوێکانی تیپە هونەریەکانی کوردستان دەروانن، ئێستاش دەبێ چاوەروانین بین کە دوای تەواوبوونی مۆنتاژکردنی فیلمەکە پێشانی بینەران بدرێ، بەلام نازاندرێ فیلمەکە لە رێگەی کەنالەکانی ئاسمانیەکانەوە پەخش دەکرێ یاخود لە سینەماکانی شارەکانی کوردستان دا پێشانی بینەران دەدرێ.

# کوردێک بەرنامەی هۆمۆسێکس پێشکەش دەکات

کچێکی کورد بە ناوی "نیشتی شێرک" بەرنامەیەکی فیستیڤاڵی هۆمۆ سێکس (Sekesuela Homo) لە وڵاتی سوێد پێشکەش دەکات.

جێگەی ئاماژەیە کە ساڵانە ڤێستڤاڵی هۆمۆسێکس لە وڵاتی سوید بەرێوە دەچێ و بە شێوەیەکی راستەوخۆش لە تەلەفزیۆنەکان دا بڵاو دەبێتەوە.

بە پێی هەواڵێکی ماڵپەری کوردستان وێب ئەم فیستیڤاڵە رۆژی دووشەممەی رابردوو رێکەوتی 30-7-2007وە دەستی پێکردووە و تا رۆژی یەکشەممە 8/5 بەردەوام دەبێ.

ئەمساڵ ڤێستیڤاڵەکە لەژێر ناوی "وەرزش و هۆمۆ سێکس" دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، ئەوەبوو کە . فیستیڤاڵی ئەمساڵی هۆمۆ سێکسی سوید لەلایەن کچێکی شانۆکار و سینەماکار کە بەرەگەز کوردەو لەلایەن حکومەتی سویدەوە دەستنیشان کراوە تا بەرنامەیەکی ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداری وەزیرێکی سویدی بابەتێک دەربارەی هۆمۆ سێکس و هاوسەری هاو رەگەزی پێشکەش بکات.

# شانۆی دەرگا لەهەولێر نمایش دەکرێ

بۆ ماوەی دوو رۆژ شانۆی دەرگە لە هۆڵی رۆشنبیری شاری هەولێر نمایش دەکرێ. دوێنێ شەممە 4-8-2008 یەکەمین رۆژی پێشکەشکردنی شانۆگەری دەرگە بوو ئەمرۆش دووپات دەبێتەوە، لە بەرهەمی شانۆیی کۆمەڵەی هونەری ئارک و لە نووسینی (یوسف ئەلسائغ) و لە دەرهێنانی هونەرمەند (کامەران رەئوف)ە، هونەرمەندان (شەمالی عەبە رەش، شادان فوئاد، سیروان جەمال، سۆران




ئیسماعیل، شایی شەماڵ) و چەندانی دیکە بەشداری تێدا دەکەن.

# 5 کورتە فیلم لە سنە بەرهەم دەهێنرێن

هونەرمەندە لاوەکانی ئوستانی کوردستان پێنج کورتە فیلمیان لە شاری سنە بەرهەم هێناوە. ئەم فیلمانە بە یارمەتی و پشتیوانی ناوەندی حەوزەی هونەری ئوستانی کوردستانەوە بەرهەم هاتوون، بریتین لە: "زرێوار" لە دەرهێنانی "فەرزاد موورادی"، "نییەتی رۆژو" لە دەرهێنانی "جەلال وەیسی"، "لە گۆرستان" لە دەرهێنانی "عەبدوڵلا قەڵعە شێخانی" ، "رزگاری" لە دەرهێنانی "مینوو مەشایخی" و "کێبرکێ" لە دەرهێنانی "ئومید مەنسووری.

# ئەمساڵ ڤێستیڤاڵێکی مۆزیکی کوردی لە پاریس بەرێوە

بەبەشداربوونی هونەرمەندان نیزامەدین ئاریج و رۆژین بریاروایە کە رۆژی 6-10-2007 لە شاری پاریسی وڵاتی فەرەنسادا ڤێستیڤاڵێکی مۆزیکی کوردی بەرێوە بچێ.

عیسا حەسەن بەرپرسی بەشی هونەری ئەنستیتۆی کوردی لە پاریس بە ماڵپەری **عامودە**ی راگەیاندووە ئەوان هیواخوازن کە بەهۆی ڤێستیڤاڵەکانی مۆزیک ئاستی هونەری کوردی بەرز بێتەوە بە باشی پێشانی بیانیان بدرێن.

ئەم ساڵ ڤێستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لە سالۆنی *cabaret sauvage* رۆژی شەممە رێکەوتی 6-10-2007 بەرێوەدەچێ . رۆژی یەکەم هونەرمەند نیزامەدین ئارج بە کۆنسێرتێک ڤێستیڤاڵەکە دەکاتەوە، رۆژی دواییش هونەرمەند رۆژین بەرهەمی خۆی پێشکەش دەکات.

کوردستانیانی هەندەران هیواخوازن کە ڤیستیڤاڵی مۆزیکی پاریس وەکو ئەو شەو ئاهەنگانە نەبێ کە تەنیا بۆ کات کوشتن ساز دەکرێن و پارەیان پێ کۆدەکرێتەوە.







**ئەندام** پەرلەمانێک دەیگوت:" گفتوگۆی کۆبوونەوەکانی رۆژانی رابردووی پەرلەمان زۆر گەرم بوون! زۆر پێشنیاری سەیر کران، ئێمەش زۆر داکۆکی باشمان کرد و هەوڵمان دا ئەو پێشنیارە خراپانە سەر نەگرن، بەڵام بەبریارێک رێگەیان نەدەدا کەناڵەکانی راگەیاندن ئاگایان لەو گفتوگۆیانە بێ! دواتر ئەوەی خۆیان ویستیان تێپەریان کرد!

**میوانێک** لەوانەی لەسەر بانگهێشتنی بەرپرسانەوە لە هەندەرانەوە هاتبۆوە کوردستان و بە دڵشکاوی گەرابۆوە، دەیگوت:" من سەرم لەو برادەرانە سورماوە، زۆر خەفەتیان لێدەخۆم، ئاخر بانگهێشت کردن و میوانداریتان لەچی و نەرەخساندنی دەرفەتی دیدارتان لەچی؟!

**کارگوزارێکی** وەزارەتێک دەیگێرایەوە:" بەمەبەستی دەرکردنی مووچەخۆری زیادە لیژنەیان، هەموو ئەو کارمەندو مووچەخۆرانە ناونووسکران کە زیادە بوون و بە خۆرایی پارەیان وەردەگرت، دوای چەند مانگ بەدواداچوون و جەردکردنی ناوی ئەو فەرمانبەرانە، ئێمە پێمانوابوو کە ئەوانە دەردەکرێن، کەچی دوایی چونکە پشتیان قایم بوو، لەجیاتی دەرکردن موکافەئەکران و زێدەمافیان پێدراو کەسی دیکەش نەویوێرا ئیتر باسی فەرمانبەرو مووچەخۆری بندیوار بکات!!

**نوێنەری** لایەنێک لە یەکێ لە وڵاتانی ئەوروپا لەسەر بانگێشتی حزب سەردانی کوردستانی کردبوو، هەندێ رێنوێنیان کردبوو، بەدەستی بەتاڵ رەوانە کرابۆوە، ناسیاوێکی بێلایەنیشی بۆ سەردانی خزمانی هاتبۆوە، کەچی حزبێکی دەسترۆیشتوو پێشوازی لێکردبوو، خانەنشینی بۆ بریبۆوە و پارچەیەک زەوی پێدابوو، بە خەڵاتیش بەرەو ئەوروپا بەرێیان کردبوو، کابرای نوێنەر ئیرەیی بە کابرای بێلایەن بردبوو، پێیگوتبوو:" ئەمنیش هەتا نە ببووم بە حزبی ئاوایان بۆ دەکردم، لەوەتەی بوومەتە حزبی بەس ئەمرو فەرمان بەسەردەکەن، خۆزگە بێلایەن دانیشتبام!!




# ئێمە و ئەوان و گۆڕان!

چەند هەفتە لەمەوبەر تێکۆشەرێکی رێگەی یەکسانی لەسەر بانگهێشتی کۆنە برادەرێکی ساڵانی خەبات لە هەندەرانەوە بۆ کوردستان دەگەرێتەوە. خاوەن خوێ زۆر بەرێزەوە پێشوازی لە میوانەکەی دەکات، لە هۆتێلێکی پلە یەک شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین دەکات، چەند شەوێک مێزی خواردنەوەی بۆ دەرازێندرێتەوە. خاوەن خوێ یەک دوو جاریش میوانەکەی دەباتەوە ماڵی خۆی و باخچەو خانوەکانی خۆی پێشان دەدات، ئەوەی لەدەستی دێ درێغی ناکات و بۆ میوانەکەی هەڵیدەرێژێ، سەرەنجام داوای لێدەکات کە بگەرێتەوە کوردستان و لەلای ئەودا کارێک وەربگرێ، بۆ ئەم مەبەستەش بەڵێنی پێدەدات ئەوەی بۆ خۆی کراوە بۆ ئەویش دەکرێ. میوانەکە سەری لە سامان و رامان و دەسترۆیشتوویی خاوەن خوێ سور دەمێنێ ، ئاخر جاران ئەمریکای بە ئیمپیریالیزم دەدانا، بۆیە لێی دەپرسێ:" هاورێ گیان هەردووکمان کاروانی یەک رێگە بووین، دژی ئەمریکا و ئەو حزبەش بووین کە ئێستا تۆ رەگەڵی کەوتوویت، دەکرێ بزانم ئەو نهێنیە بزانم؟! جاران هەڵە بوویت ، یان ئێستا؟! خاوەن خوێ بە پێکەنینەوە بە میوانەکەی دەڵێ:" هاورێ گیان خۆت غەشیم مەکە! نە جاران هەڵە بووم! نە ئێستا، جاران ئەمریکا ئیمپریالیزم بوو، ئێستا گۆراوە و رۆڵی رزگارکەری گەلانی بن دەست دەبینێ، ئەوەتا هاتووەو گەلی کوردی رزگار کردووە، هەروەها ئەم حزبەی ئێستاش کە من کاری لەگەڵ دا دەکەم وەکو جاران نەماوەو گۆراوە، ئێستا باوەری بە یەکسانی و دادپەروەری هەیە، زۆر شێلگیرانەش خزمەت بە تەواوی چینەکانی کۆمەڵ دەکات. کابرای میوان زۆر لە خاوەن خوێ توورە دەبێ و پێیدەڵێ: من سوپاسی بانگهێشتن و میوانداریت دەکەم، بەڵام دەبێ ئەو راستیەت بۆ دووپات بکەمەوە کە ئەمریکا نەگۆراوە، وەکو خۆیەتی، رۆڵی رزگارکەری گەلانی بندەست ناگێرێ، بۆ بەرژەوەندی خۆیشی هاتۆتە ناوچەکەو گەلی کوردیشی رزگار نەکردووە، هەوڵی زیاتری چەوساندنەوەی گەلان دەدات و دەیەوێ سامانەکەیان لێبدزێ، ئەوەتا دەیەوێ بە زۆرەکی گەلی کورد لەژێر دەستی داگیرکەران دا بمێنێتەوە. من پێت دەڵێم: ئەوان هیچیان نەگۆراون، ئەمە تۆی کە گۆراویت و دەتەوێت منیش بگۆرێم!

بەڵێ! ئەمرۆ هەندێک لەوانەی رەگەڵ دەستەڵاتداران کەوتوون و سەنگەر گۆریان کردووە، پلەو پۆستیان وەرگرتووە، سامانیان کۆ کردۆتەوە زۆر لێبراوانە پاسەوانی لەوانە دەکەن کە درێژە بە گەندەڵکاری دەدەن، جیاکاری و هاوێرکاری بەرێوەدەبەن، سامانی گەل و نیشتمان هەڵدەلووشن.

مخابن ئەوانەی خۆیان بەرەو نەرێنی گۆراون، دەیانەوێ درێژە بە چەواشەکاری بدەن، سیمای دزێوی ئەمریکای شەرانگێزو بەرژەوەندخواز ئارایش بکەن و بە فریشتە پێشانی بدەن، دەیانەوێ ئادگاری ناپاک و خۆفرۆشان بە تێکۆشەرو شۆرشگێر پێشان بدەن، هەموو ئەو تێکۆشەرە دێرینانەی وەکو ئەوان ناگۆرێن بە غەشیم چاو لێبکەن، دەبێ باش بزانن کە مێژوو باری خۆی لە هەڵەو گەندەڵی و دزیەکانی ئەوان داگرتووە، رۆژێک ئاشکرایان دەکات.

**باوکی فلاد**

ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی، گەرەکی مشیراوا(رزگاری) نزیک گۆرەپانی هونەر، نووسینگەی رۆژی گەل، 0532109256

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com